لەبلاوكراوەكانی ماڵپەڕی ئیمان وەن
www.iman1.com

# فەتوای

# هەندێك لەگەورەزانایانی سەردەم

## ( ابن باز، ابن عثیمین، ابن جبرین)

(ڕەحمەتی خوایان لێ بێت )

# سەبارەت بەئافرەتان

وەرگێڕانی

م.إدریس محمود محمد

بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

الحمدالله رب العامين والصلاة والسلام على رسول الله (ﷺ) وعلى اله وأصحابيه ومن والاه ....... أما بعد

خوشكى موسوڵمانم: ئەم نامیلكەبەی لەبەردەستتدایە، گوڵبژێرێكە لەفەتوای زانا پایە بەرزەكان سەبارەت بە ئافرەتان، كەتیایدا هانی ئافرەت دەدەن بەرەوشت و داوێن پاك بن و دەست بگرن بەو رەوشتەجوانانەوە كەهاوەڵەژنەكانی سەردەمی پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەسەری بوون، لەخوای گەورە داواكارین یارمەتی خوشكانمان بدات بدات لەسەر بالاپۆشی و بەردەوامی لەسەر ئەم دینە پاكە. أمیـن.

## پرسیارەكان

پرسیاری یەكەم: هەندێك كەس بانگەشەی ئەوەدەكەن كە ئەگەر ئافرەت خۆی بەرێزو(شریف) بێت، پێویستی بەحیجاب نیە و كەس ناتوانێت دەستی بۆدرێژبكات، بۆچوونی بەرێزتان لەوبارەیەوە چی یە؟

وەڵام: ئەمەبانگەشەیەكی پوچەڵەو تێك دەگیرێت لەگەڵ قورئان و سوننەت و شروستی مرۆڤایەتیدا، پاشان ئافرەت ئەگەر شوێنەجوانەكانی لاشەی دانەپۆشێت دەری بخات بێگومان پیاوان پێوەی پەیوەست دەبن، وئافرەتەكەش تووشی ئازاردەبێت هەرچەندە داوێن پاكیش بێت، و لەوانەیە شەیتان گومرای بكات، ورای بكێشێت بۆداوێن پیسی، و جائەمەش بەهۆی ئەوەوەبێت كەئافرەتەكە لەدەرونەوە حەزی لەو كارەیە لەگەڵ هەوڵی زۆری خراپەكاران، یان لەژێر پەستانی خراپەكاران، بۆئەوەی ئەوشتەی پیّ بكەن كەخۆیان دەیانەوێ، پاشان ئەگەر ئافرەت بەرێزو شەریف بێت ئەوا بالا پۆشی شەرعی رێزی زیاتر دەبێت، وەئاشكرایە بەعەقڵ و فیترەت و سروشتی مرۆڤایەتی كەپیاوان مەیلیان زیاترە بۆ ئافرەتان، وەهیچ ئافرەتێك لەهاوەڵە ئافرەتەكانی پێغەمبەری خوا(ﷺ) شەریف ترو داوێن پاكترنیە لەگەڵ ئەواشدا فەرمانیان پێكرا بەبالا پۆشی ( ابن عثیمین )

پرسیاری دووەم: ئایا دروستە ئافرەت لەنوسنگەدا ئیش بكات، ئەگەر هاتوو ئیشكردنەكە لەنوسینگەی كاروباری ئاینی و ئەوقاف بوو؟

وەڵام: ئیشكردنی ئافرەت لەنوسینگەكاندا لەدوو حاڵەت بەدەرنیە:-

حاڵەتی یەكەم: ئەگەر ئیشكردنی ئافرەت لەنوسینگەیەكدابێت كەتایبەت بێت بە ئافرەتان و جگەلەئافرەتان كەسی تێدا ئامادەنەبێت وەكو ئەوەی ئافرەتان نوسینگەیەكیان هەبێت بۆئاراستەكردن و سەرپەرشتی خوێندنگاكانی كچان، ئەمە دروستە و هیچی تێدانیە.

حاڵەتی دووەم: ئەگەر نوسینگەكە تێكەڵ بوو، ژن و پیاو پێكەوە كاریان دەكرد،ئەوا دروست نیە ئافرەت ئیشی تێدابكات، ئەمەش بەهۆی ئەوفیتنەو خراپەكاریانەی كەلەتێكەڵی ژن پیاو دەكەوێتەوە.

پێغەمبەری خوایش (ﷺ) ئوممەتەكەی وریا كردووەتەوە لەفیتنەی ئافرەتـان، هەتا لەشوێنی عیبادەت( مزگەوت) یشدا، وەكو فەرموویەتی ( خیرصفوف النساء أخرها، وشرها أولها)، چونكە رێزی یەكەم نزیكە لەپیاوانەوە بۆیە خراپترینی رێزەكانە، وەریزی كۆتایش دوورە لەپیاوانەوە بۆیە باشترنی رێزەكانە، ئەمەش بەڵگەیەكی روونەوە هەركەسێك بیر لەحاڵەتی ئوممەتەكانی تربكاتەوە بۆی روون دەبێتەوە كە فیتنەی تێكەڵی پیاو و ئافرەت چەندە گەورەیە كە تائێستاش ئەوئوممەتانە بەدەستیەوە دەناڵێنن ئێستاناتوانن( بەئاسانی ) رزگاریان بێت لیّ ی ( ابن عثیمین )

**پرسیاری سێ یەم: هەندێك لەئافرەتان زۆر دەردەچن بۆبازارەکان( بەپێویستی یان بێ پێویستی) لەگەڵ ئەوەشدا کەسی مەحرەمیان لەگەڵدانیە، بەبۆچونی بەڕێزتان ئەوەچی یە؟**

وەلاّم: گومانی تێدانیەکەمانەوەی ئافرەت لەماڵەکەیدا باشترە بۆی وەکو لەفەرموودەدا هاتووە( وبیوتهن خیرلهن)، وەگومانیشی تێدانیە کەبەرەهایی ڕێگەپێدانی ئافرەت بۆچوونەدەرەوە لەماڵ( مخالف ) ەی ئەوەیە کەشەرع فەرمانی پێکردووە لەپاراستنی ئافرەت و خەمخۆری و پەرۆشی لە پارێزگاریکردنی لەفیتنە.

وەپێویستە لەسەر( سەرپەرشتیارانی ئافرەتان)کەبەمانای ووشە پیاوبن، خوای گەورە فەرمووییەی ﴿ ٱلرِّجَالُ قَوَّٰمُونَ عَلَى ٱلنِّسَآءِ ﴾ النساء: ٣٤ . بەلاّم بەداخەوە موسوڵمانان دەستیان کردووە بەلاسایی کردنەوەی دوژمنانی خوا ئەویش لەپێدانی سیادەو دەسەلاّت بە ئافرەتا، تاوای لێهاتووە ئافرەتان بوون بەسەر پەرشتیاری ماڵ و بەڕێوەبەری کاروباری پیاوان، و جێ ی سەرسوڕمانە ئەوکەسانە لافی پێشکوتن و شارستانیەت لێ دەدەن، داماوی و بەدبەختی بۆیان، پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرموویەتی (لن یفلح قوم ولوا أمرهم إمرأة)، وەهەموومان دەزانین ئافرەتان بەوشێوەیەن کەپێغەمبەری خوا(ﷺ) وەسفی کردوون: (مارأیت من ناقصات عقل ودین أذهب للبَ الرجل الحازم من إحداکن).

وەبەپێچەوانەشەوە پیاوی واهەیە ڕەوشتی خراپەو ڕێگەبەخێزانی نادات سەردانی خزمەنزیکەکانی بکات وەکو(دایك و باوك و برا ومام و خاڵ) لەکاتێکدا کەترسی ئەوەشی نەبێت ئافرەتەکەتوشی فیتنە بێت. ئاینی ئیسلامیش مام ناوەندە لەنێوان حاڵەتی یەکەم و دووەم دا.

**پرسیاری چوارەم: ئایا هێشتنەوەی نینۆك بۆچی حەرامە؟**

وەلاّم: درێژکردنەوەی نینۆکەکان دروست نیە، بەڵکو فەرمان هاتووە لەسەر نینۆك کردن لەهەموو هەفتەیەکدا یان لای زۆری لەهەموو چل ڕۆژێك دا (علی أکثر).

**پرسیاری پێنجەم: حوکمی ئەوئاهەنگانە چین کەتێیدا ژن و پیاو تێکەڵن؟**

وەلاّم: تێکەڵە ژن و پیاو خراپەو کردەوەیەکە لە کردەوەکانی (أهل الجاهلیة). پەنابەخوا دەگرین لەوکارە (ابن باز).

**پرسیاری شەشەم: حوکمی چارەسەرکردن بەمۆسیقا چیە؟**

وەلاّم: هیچ بنچینەیەکی نیە، بەڵکو ئەوە کارە کەسەگێلەکانە،وەمۆسیقا چارەسەر نیە، بەڵکو خۆی دەردە، لەئامرازی مەلهاکانن، و هەموویان نەخۆسین بۆدڵ، و هۆکارن بۆلاوان لەڕەوشت.

بەلاّم چارەسەری بەسود بریتی یە لەوەی نەخۆش گوێ لەقورئان و ئامۆژگاری و فەرموودوبەسودەکان بگرێت. بەلاّم چارەسەرکردن بەمۆسیقاو جگەلەویش لە(آلات لطرب) ڕای دەهێنێت لەسەر باطل. وەنەخۆشیەکەشی زیاد دەکات، ولەسەری قورس دەبێت گوێ لەقورئان و ئامۆژاری و فەرموودە بەسودەکان بگرێت، ولاحول ولا قوة إلابالله (ابن باز).

## پرسیاری حەوتەم: حوکمی لابردنی مووی دەم و چاو بۆ ئافرەتان چی یە؟

وەلاَم: ئەگەر مووەکە ئاسایی بێت لابردنی دروست نیە لەبەر ئەو فەرموودەیەی کە پێغەمبەرە خوا(ﷺ) نەعلەتی کردوە لەو ئافرەتەی کە مووی برۆ و دەم و چاو لادەبات وەئەوەشی کەبۆی لادەبات، بەلاَم ئەگەر مووەکە زۆر بوو بەشێوەیەك کە دەم و چاو بشێوێنێ و لەپیاو بچێ وەکو سمێڵ و ڕیش ئەوە لابردنی هیچی تێدانیە دروستە چونکە زیانی پێدەگەیەنێ (ابن باز).

## پرسیاری هەشتەم: حوکمی ئەوفەتحە چیە کەئافرەتان لەخوارەوەی پۆشاکەکانیاندا دەیکەن و قاچیان دەردەکەوێت؟ وەحوکمەکەی چی دەبێت ئەگەر هاتوو لەژێرەوە گۆرەوی لەپێ کردوو تەنها شێوەی لاقی دەرکەوێ نەك پێستەکەی؟

وەلاَم: پێم وایە ئافرەتان ئەوپۆشاکانە لەبەرنەکەن ئەگەر ڕۆیشتن بۆبازاڕ (واتە لەماڵدا بۆمێردەکەی دروستە ئەگەر لەجلی پیاوان نەبێت)، چونکە بەهۆی ئەوفەتحەیەوە لاقی دەردەکەوێت جا گۆرەوی لەپێدابێت یان لەپێدانەبێت چونکە قەبارەی لاقی دەردەخات ئەگەر گۆرەوی لەپێدابێت، وەپێستەکەی دەردەکەوێت ئەگەر گۆرەوی لەپێدا نەبێت، وەهەرکاتێك پۆشاکی ئافرەت داپۆشەرتربێت چاکترە. (ابن عثیمین)

## پرسیاری نۆیەم: ئایا دروستە ئافرەت سەیری وێنەی بێگانە بکات؟

وەلاَم: ئامۆژگاری ئافرەتان دەکەین کەسەیری وێنەی پیاوانی بێگانە نەکەن، و باشتر وایە بۆئافرەت کە نەپیاوببینێت وە نەپیاوانیش بیبینن، ئەمەش یاری تۆپی پێ و زۆران بازی و جگە لەوانەش دەگرێتەوە بەبێ جیاوازی، چونکە ئافرەت توانای  خۆڕاگرتنی لاوازە، و زۆرجار بەهۆی سەیرکردنی ئەو فیلم و وێنەگومڕاکەرانەوە ئارەزووی دێتەجۆش و تووشی فیتنە دەبێت، بۆیەدورکەوتنەوە لەهۆیەکانی فیتنە نزیکترە بۆ سەلامەت بوون. ( الشیخ ابن جبرین)

## پرسیاری دەیەم: حوکمی مێش کردن بۆئافرەتان چی یە؟

وەلاَم: ئەصل ئەوەیە کەئافرەت بەهەر ڕەنگێك بیەوێت دەتوانێت سەری بۆیاغ بکات، تەنها لەدوو حاڵەتدا نەبێت.

حالەتی یەکەم: دروست نیە مووی سپی ڕەش بکرێت، چونکە پێغەبەری خوا(ﷺ) فەرمانی بەگۆڕینی ئەو مووەسپیانە کردووە بەلاَم بەدورکەوتنەوە لە ڕەنگی ڕەش.

حاڵەتی دووەم: پێویستە ئەو بۆیاغەی بەکاردەهێنرێت لەوانە نەبێت کەتایبەتن بەئافرەتانی بێ باوەڕەوە، ئەگەر وابوو دروست نیە چونکە پێغەمبەری خو(ﷺ)ا فەرمووی (من تشبە بقوم فهومنهم). (ابن عثیمین)

## پرسیاری یانزە: ئایا پەیوەندی کچ و کوڕ لەپێش زەواج دروستە؟

وەلاَم: پەیوەندی کچ و کوڕ پێش(عقد زواج) دروست نیە ئەگەر چی خوازبێنی (خطبة) شی کردبێت، (چونکە ئەوکچ و کوڕە پێش عەقدی زەواج بیگانەن بەیەکتر) بۆیە دروست نیە بۆ پیاوان سەیری ئافرەتی بێگانەبکات یان قسەی لەگەڵدابکات یان بەتەنها لەگەڵیدا بمێنێتەوە، پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرمووی (لایخلون رجل بامرأة إلامع ذی محرم، ولاتسافر امرأة إلامع ذی محرم). (ابن عثیمین)

## پرسیاری دوانزە: ئەگەر پیاوێك لەگەڵ ئافرەتێکی بێگانەدا نامەگۆڕینەوە لەنێوانیاندا هەبێت، پاشان ببن بەخۆشەویستی یەکتر، ئایا ئەم کارە حەرامە؟

وەلاّم: ئەم کارە دروست نیە چونکە ئارەزووی هەردوولا دەوروژێنێت غەریزە پاڵیان پێوەدەنێت بۆ بەیەکگەیشتن و پەیوەندی، و زۆر ئەو نامەگۆڕینەوەیە فیتنەی لێ دەکەوێتەوە و خۆشەویستی زینا لەدڵدا دەرشوێنێ، ئەمەش تووشی داوێن پیسی (فاحشة) ی دەکات، یان دەبێتە هۆکاری تووش بوون بەو تاوانە، ئامۆژگاری ئەوانە دەکەین کەبەرژەوەندی خۆی دەوێت و دەیەوێ بیپارێزێت،بائەو نامە ناردن و قسە کردنانە واز لێ بهێنێت لەبەر خاتری دین و ئابڕوو. والله الموفق. ( الشیغ ابن جبرین)

## پرسیاری سیانزە: ئایا کچ و کوڕێك کە زەواجیان نەکردبێت دروستە بەتەلەفون قسە بەیەکەوە بکە؟

وەلاّم: دروست نیە قسەکردن لەگەڵ ئافرەتانی بێگانە، قسە کردنێك کە ئارەزوو( شەهوەت) بوروژێنێت وەکو نازکردن و دەنگ ناسك کردنەوە جاچ تەلەفون بێت یان غەیری تەلەفون، لەبەر ووتەی خوای گەورە ﴿ فَلَا تَخْضَعْنَ بِٱلْقَوْلِ فَيَطْمَعَ ٱلَّذِى فِى قَلْبِهِۦ مَرَضٌ ﴾ الأحزاب: ٣٢ . بەلاّم قسەکردنی لەناکاو توشبوو( عارض) هیچی تێدا نیە و دروستە ئەگەر خراپەی لێ نەکەوێتەوە بەلاّم بەرێژەی پێویستە. ( الشیغ ابن جبرین)

## پرسیاری چواردە: ئەگەر ئافرەت بچێت بۆبازاڕی نزیك لەماڵی خۆیان بۆ کڕینی پێداویستی خۆیی و منداڵکانی، بەلاّم پیاوەکەی نەزانێ کەڕۆیشتوە، ئایا گوناهی لەسەرە؟

وەلاّم: پێویستە لەسەر ئافرەت داوا لەمێردەکەی بکات مۆڵەتێکی (ئیزنێکی) گشتی پێ بدات بۆدەرچوون لەماڵ بۆکڕینی پێداویستی، (ئەگەر ئەمەی کرد ئەوا دەتوانێت) هەرکاتێك پێویستیەکی هەبوو وەلەماڵ دەرچوو بەپۆشتەیی و بەبێ خۆڕازاندنەوە و سفوری، وەچاوی پاراست لەتەمشاکردنی حەرام و دورکەوتنەوە لەوشتانەی گومان و فیتنە دروست دەکەن، و پاش داین کردنی پێداویستی یەکانی بەپەلە گەڕایەوە، ئەوا گوناهی لەسەر نیە (إنشاء الله). ( الشیغ ابن جبرین)

## پرسیاری پانزە: ئایا نەشتەرگەری جوانکاری دروستە؟

وەلاّم: جوانکاری دوو جۆرە، یەکەم: ئەوجوانکارییەی کە دەکرێت بۆلابردنی عەیبێك کەبەهۆی ڕوداو یان شتی ترەوە دروست بوو... دروستەو گوناه نیە، چونکە پێغەمبەری خوا(ﷺ) ڕێگەی دا بەپیاوێك کەلەجەنگدا لووتی بڕابوو، کە لووتی ئالتونی دابنێت.
دووەم: جوانکاریەکە کەبۆ زیاتر جوان کردنە نەك بۆلابردنی عەیبێك، ئەمە حەرامە و دروست نیە، چونکە پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی (لعن التامصة و المتنمصة، الواصلة و المتوصلة، و الواشمة و المستوشمة). (ابن عثیمین)

## پرسیاری شانزە: ئایا خوێندنی زانستی جوانکاری ( علم التجمیل) دروستە؟

وەلاّم ئەو خوێندکارەی کەلە پرۆگرامی خوێندندا زانستی نەشتەرگەری جوانکاری دەخوێنێت گوناهی لەسەر نیە کەفێری بێت، بەلاّم لەو حاڵەتانەدا نابێت جێبەجێ بکات کەحەرامن، بەڵکو ئامۆژگاری بکات کەداوای ئەو جوانکاریە حەرامە مەکەن، وەلەوانەیە ئامۆژگاری لەزمانی پزیشکێکەوە زیاتر کاریگەری هەبێت لەسەر دەروونی خەڵك. (ابن عثیمین)

## پرسیاری حەڤدە: ئایا دروستە ئافرەت لەگەڵ شوفێری( سائق) ی بیگانەدا سەربکەوێت؟

وەلأم: بۆپیاو دروست نیە لەگەڵ ئافرەتێکدابێت بەتەنها لەسەیارەیەکدا مەگەر مەحرەمی ئافرەتەکەبێت، چونکە پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرموویەتی( لایخلون رجل وأمرأة إلامع ذی محرم)، بەلأم ئەگەر دوو ئافرەت یان زیاتر بوون گوناه نیە چونکە لەکاتادا (خلوة) دروست نابێت، بەمەرجێك فیتنەی لێ نەکەوێتەوە و لەسەفەردا نەبن . والله الموفق. (ابن عثیمین)

## پرسیار هەژدە: ئایا دروستە ئافرەت قژ(پرچ) کورت بکاتەوە؟

وەلأم: بڕینی قژ لەلایەن ئافرەتەوە لای (حنابلە) کان مەروهە، بەلأم ئەگەر ( ئەکەر کورتی کردەوە کەهی پیاو بچێت) ئەوە حەرامە چونکە پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی( لعن الله المتشابهات من النساء بالرجال) وەبەهەمان شێوە ئەگەر بەشێوەیەك کورتی کردەوە کەلەقژی بێباوەڕان بچێت ئەوا حەرامە، چونکە دروست نیە خۆشوبهاندن بەبێباوەڕە خراپەکارەکانەوە، لەبەر فەرموودەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) (من تشبە بقومٍ فهو منهم). (ابن عثیمین)

## پرسیاری نۆزدە: ئایا دروستە تەوقە لەگەڵ ئافرەتی بێگانەدا بکرێت؟

وەلأم: بەموتڵەقی دروست نیە تەوقە لەگەڵ ئافرەتی نامەحرەم دا بکرێن، جا ئافرەتەکە گەنج بێت یان پیر، پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی( إنی لا أصافع النساء). وە عائیشەش فەرموویەتی ( مامست ید رسول الله ید إمرأة، ماکان یبایعهن إلا بالکلام) . هەروەها هیچ جیاوازی نیە کە تەقە کردنەکە بەبەربەستێك بێت یان نا، لەبەر گشتی بەڵگەکان و داخستنی ئەو ڕێگایانەی کە سەردەکێشێت بۆ فیتنە. (ابن باز)

## پرسیاری بیست: ئایا دروستە ئافرەت بۆن لەخۆی بدات و بچێت بۆ قوتابخانە یان نەخۆشخانە یان سەردانی خزم و دراوسێ؟

وەلأم: دروستە بەکاری بهێنێت ئەگەر هاتوو دەرچونەکەی بۆلای کۆمەڵە ئافرەتێك بوو، وە لەڕێگادا بەلای پیاودا تێپەرنەدەبوو، بەلأم خۆبۆنخۆشکردنی و دەرچوونی بۆبازار(یان هەرشوێنێکی تر) کە پیاوی بێگانەی تێدایە دروست نیە، چونکە پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی( أیما إمرأة أصابت بخوراً فلا تشهدن معنا العشاء.....) وەلەبەر چەندین فەرموودەی تر کەلەم بارەیەوە هاتووە. چونکە ئەم خۆبۆنخۆشکردنەلەهۆکارەکانی دروستکردنی فیتنەیە. (ابن باز)

## پرساری بیست و یەك: ئایا دروستە پیاو ژن پێکەوە ئیش بکەن؟

وەلأم: تێکەڵ بوونی ژن و پیاو لەبواری کارکردندا فیتنەیەکی گەورەیە، (خراپەکاری زۆری لێدەکەوێتەوە، وەکو لە ولأتە ڕۆژئاوایەکاندا ڕویداوە، کە خەریکەو نزیکە کۆمەڵگاکانیان لەبەر یەك هەڵوەشێتەوە کە هەمووی دەرەنجامی ئەو تێکەڵییەیە) وە لەبەر ئەوەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی( خیر صفوف النساء آخرها، وشرها أولها ) هەرچەندە لەیەك شوێنیشدا کۆبونەتەوە بۆ ئەنجام دانی پەرستنێك کە ئەویش نوێژە. (ابن عثیمین)

هەمیشە لەگەڵمان بن بۆنوێ بوونەوەی ئیمان